# ئاگادارییەك لە لایەن ڕێكخەرانی خۆپیشاندانی ژنێف ەوە

وەك لای هەمووان ئاشكرایە ئێمە وەك ڕێكخەرانی خۆپیشاندانی ژنێف، كە پێك هاتووین لە كۆمەڵێك نووسەر، هونەرمەندو ڕۆشنبیری سەربەخۆو بێلایەن بە پشتیوانی كۆمەڵێك لە ڕێكخراوە دیموكراتی، كولتوری وسیاسییەكانی دەرەوەی كوردستان هەستاین بە سازدانی چالاكییەك لە شێوەی خۆپیشانداندا لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكان لە ژنێف بۆ ئەوەی وەك كورد بتوانین دەنگ و سەنگێكی تر زیاد بكەینە سەر هەڵبژاردنەكانی عێراق، ئەویش بە جەخت كردنە سەر بڕیاری 58 كە تایبەتە بە شاری كەركوك و هەموو ئەو شارو شارۆچكانەی لە كەركوك دابڕێنراون و ئەوانەش لەپاش ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی كوردستان. ئەوەی ئێمە سەرەتا مەبەستمان بوو خۆشبەختانە هەندێك لەو خاڵانە گەیشتوونەتە بڕیار، وەك (دەنگدانی ئەو كوردانەی لە كەركوك سیاسەتی بەعس ئاوارەی كردوون) بەڵام هێشتا ئەمە بەس نییە بۆ ئێمەو ئێمە داخوازی و خەونی گەورەترمان هەیە، كە لە بەرژەوەندی گەلی كورددایە وەك:

1- جێبەجێ كردنی بڕیاری 58 لەماوەیكی دیاریكراودا

2- گەڕانەوەی هەموو ئەو شارو شارۆچكانەی سەر بەكەركوكن و سیاسەتی بەعس لە كەركوكی دابڕیوون

3- گەڕانەوەی هەموو ئەو شارو شارۆچكە كوردییانەی لەپاش ڕژێمی بەعسەوە ئازاكراون بۆ سەر هەرێمی كوردستان.

بۆیە هەموو ئەو كەس و لایەنانە ئاگاداردەكەینەوە، كە پشتیوانیان لەم چالاكییەكردووە ئەو مژدەیان بدەینێ، كە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ژنێف بەدەم بانگەوازەكەمانەوە هاتوون و بۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 24.1.2005 ژووانێكیان بۆ چاوپێكەوتن سازكردووە، بۆیە ئێمە بە پێوویستمان نەزانی ڕۆژی شەممە واتە 22.1.2005 خۆپیشاندانەكە سازبكەین لەبەر ئەوەی ڕۆژی شەممە خۆپیشاندان بكرێت ئەوا ناتوانین چاومان بە هیچ كاربەدەستێكی نەتەوە یەكگرتووەكان بكەوێت و مەبەستی خۆ پیشاندانەكەش تەنها خەڵك كۆكردنەوە نەبوو ئەوەندەی مەبەست لەوەبوو دەنگی ئەو خەڵكانەی لە هەر چوار پارچەی كوردستانەوە پشتیوانیان لە ئێمە كردووە بە كاربەدەستانی نەتەوە یەكگرتووەكان بگەیەنین. بۆیە داوا لە هەموو خەڵك و لایەنە دڵسۆزانە بە حیزبی و نا حیزبییەوە دەكەین چاوەڕوانی ئەوە بن هەتا ئەو لیژنەیەی ڕێكخەرانی خۆپیشاندانی ژنێف پێكی هێناوە وەڵامێكمان لە كاربەدەستانی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە دەدەنەوە چاوەڕوان بن.

ئیتر هەر بەرەو پێشەوە بۆ سەربەرزی و سەربەخۆیی كوردستان

ڕێكخەرانی خۆ پیشاندانی ژنێف[

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەئەم تەلەفۆن و ئیٌ مایلانەوە بكە

(0049) 01794897547

(0049) 01624167763

(0041) 0787130359

Khelani2002@yahoo.de

dwaroj@yahoo.de